کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21:30 27-4-2007

# ئێوارەی مانگ گیران، کومەڵە چیرۆکێکی فەرهاد شاکەلی بە زمانی ئیتالی ... ئامادەکردنی: دلشاد موحەممەد

dlshadm@maktoob. com
surdashi1@yahoo. com

"کتێبی ئاشتی" ناوی ئەو پرۆژە رۆشنبیریەیە کە شارەوانی شاری "گرۆسیتۆ"ی ئیتاڵی بە هاوکاری لەگەڵ دەزگای رۆشنبیری "لۆچیانۆ بیاچاردی" پێکەوە کاری تێدادەکەن، ئامانجی ئەم پرۆژەیە گۆڕینەوەو ئاڵوێرکردنی رۆشنبیریی ئەو نووسەرانەیە کەلە کایە جیاجیاکانی رۆشنبیرییدا قاڵ بوونەتەوە، هەروەها پرۆژەکە هەوڵدەدات بۆ ئاشناکردنی رای گشتی ئیتالیا بە ئەدەبی نەتەوەکانی دی، شێوەی کارکردنی ئەم پرۆژەیە بە شێوەیەکە کە بۆ ماوەی مانگێك میوانداریی نووسەرێك دەکات بۆ (گرۆسیتو) و کەشی گونجاوو لەباری بۆ دەسازێنێ تا لە ماوەی ئەو مانگەدا ئەو نووسەرە بتوانێت لە نێو زانکۆو قوتابخانەو کتێبخانەو شەقامەکانیدا لەگەڵ خەڵکیدا بەگشتی راوبۆچوون بگۆڕێتەوەو گفتوگۆی بابەتە رۆشنبیرییە هەمەچەشنەکان بکات. لە ئەنجامی ئەو گەڕان و دیدارو گفتوگۆیانەدا نووسەر ئەزموونەکانی لە شێوەی چەند باس و بابەتێکدا دەنووسێتەوەو هاوکات لەگەڵ چەند دەقێکی داهێنانکارانەی نووسەردا لە دووتوێی کتێبێکدا بە زمانی ئیتالی و لەسەر ئەرکی شارەوانیی (گرۆسیتو) چاپ و بڵاودەکرێتەوە.
بەمدوایانە دەزگای رۆشنبیریی (لۆچیانۆ بیانچاری) میوانداریی شاعیر و چیرۆکنووسی کورد فەرهاد شاکەلی کردو کۆمەڵە چیرۆکێکی لە ژێر ناونیشانی (ئێوارەی مانگ گیران) ( auand ola iuna eclissla savra) بۆ چاپکرد کە پێکهاتووە لە هەشت چیرۆك کە نووسەر لە کاتە جیاوازەکانی ئەزموونی چیرۆکنووسیی خۆیدا نووسیونی.
فەرهاد شاکەلی یەکێکە لە رۆشنبیرو شاعیرە ناودارەکانی کوردو لەگەڵ شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت بە سەرمەشقی تازەگەریی شیعری کوردی دادەنرێن لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا، لە ساڵی 1973 شەش کۆمەڵە شیعری بە هەردوو زمانی کوردیو سویدی بڵاوکردەوە، بە دەیان لە شیعرەکانی وەرگێردراون بۆ زمانەکانی ئینگلیزی و سویدی و عەرەبی و فارسی و تورکی، ناوبراو کاری وەرگێران لە زمانەکانی کوردی، سودیدی، ئینگلیزی، عەرەبی و فارسیدا ئەنجام دەدات.
فەرهاد شاکەلی یەکێك بووە لە پێکهێنەرانی بزووتنەوەی "رِوانگە" کە هەوڵی تازەکردنەوەی شیعری کوردییان داو ناوێکی دیارو بەرچاوی رۆشنبیریی کوردییە.
لێرەوە پیرۆزبایی لەم کارو بەرهەمە تازەیەی فەرهاد شاکەلی دەکەین و دەخوازین لە کارو بەرهەمی جوان و پڕ لە داهێنان و ناساندنی ئەدەبی کوردیی بەوانیتر بەردەوام بێت.
سەرچاوە: رۆژنامەی (الحیاە)، 12 / 9 /2006.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.